

تاژان نەسرەدین

یاریزانی ئەسپسواری هەڵبژاردەی عێراق:

# پێویستە لیژنەی ئۆڵمپی پێشبڕکێی ئەسپسواری بەڕێوە ببات، نەک کۆمپانیایەکی بازرگانی

**تاژان نەسردەین لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری سلێمانییە و یەکێکە لە کچە وەرزشکارەکانی ئەو شارە کە خولیایەکی زۆری بۆ پێشبڕکێیەکانی ئەسپسواری هەیە و وەک سوارچاکێک هەموو هەوڵێك دەدات بۆ ئەوەی بتوانێ لە داهاتوودا بە ئەنجامی باش خۆی بگەیەنێتە یەکێك لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە ئێستاشدا ئەگەرچی لە کوردستانە، بەڵام بۆ یانەی جەیش و هەڵبژاردەی عێراقی یاری دەکات. سەبارەت بە ژیانیشی لە نزیکەوەی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** چۆن بوو یاریی ئەسپسواریت هەڵبژارد؟ ئایا بۆ ئافرەتان یارییەکی قورس نییە؟**

- من ئەو یارییە لە باوکمەوە فێربووم، لە بەر ئەوەی خۆی راهێنەری سوارچاکی بووە و ئەسپیشمان هەبووە، منیش هەر لە منداڵییەوە حەزم لێی بووە، باوکم سواری ئەسپی دەکردم، زۆر منداڵ بووم فێری دەکردم.

*** ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- هەتا ئێستا هیچ هەوڵێك نەدراوە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم جۆرە وەرزشە لەگەڵ ئەوەشدا کە گەورەترین یانە لە هەولێردا کراوەتەوە، چونکە ئەو یانەیە، یانەیەکی بازرگانی و ئەهلییە و بەدەست عەرەبەوەیە و خەڵکی هەولێر و کورد سوودی لێ نابینێت، بۆیە باش نییە بە گشتی.

*** بۆچی لە کوردستان وەکو پێویست گرنگی بەم یارییە نادرێت؟**

- لەبەر ئەوەی کادیری سوارچاکیمان نییە لە کوردستان جگە لە باوکم، بۆیە گرنگیدان بە ئەسپسواری پێویستی بە راهێنەری سەرکەوتووە کە لە بوارەکە شارەزایی تەواوی هەبێت.

*** بۆ بەرەوپێش چوونی ئەم یارییە پێتوایە دەبێت چی بکرێت؟**

- پێویستە یانەیەکی وەرزشی سەر بە لیژنەی ئۆلمپی هەبێت و جگە لەوەش گۆڕەپانی ئەم یارییە لە هەموو شارەکانی کوردستان بکرێتەوە.

*** ساڵانە کردنەوەی یەك دوو پێشبڕکێی ئەسپسواری بە بەشداری ژمارەیەك یاریزانی کەم، ئایا دەبێتە هۆی پێشکەوتنی ئاستی ئەم یارییە؟**

- بە دڵنیایەوە ئەوەش هەر باشە، بە مەرجێك لیژنەی ئۆلمپی کوردستان بەڕێوەی ببات، نەوەك کۆمپانیایەکی بازرگانی.

*** کێشەو گرفتان لەم یارییە چییە؟**

- کێشەی هەرە سەرەکیی ئەم یارییە لە کوردستان نەبوونی گۆڕەپانێکی وەرزشییە بۆ مەشقکردنمان، ئەوەش گرفتی نەك بۆ من، بەڵکو بۆ هەموو یاریزانانی کوردستان دروست کردووە، جگە لەوەش لە شاری هەولێر ڕێگەیان پێم نەدا بەشداری پاڵەوانیەتییەك بکەم، بۆیە پێم باشە یانەیەکی سەر بە حکومەت هەبێت.

*** بۆ حەزە، یاخود بۆ وەرزشە ئەم یارییە ئەنجام دەکەیت؟**

- بۆ من هەم وەکو حەزە و هەمیش وەکو وەرزش ئەنجامی دەدەم. وەکو هەموو وەرزشکارێکیش تاکو ئێستا لە ناو یانەکەماندا بە پلەی یەکەم تۆمارکراوم.

*** ئایا وەک ئافرەت لەم یارییە دوچاری کێشەوگرفت نەبوویت؟**

- هیچ کات گرفتمان بۆ دروست نەبووە، تەنیا ئەوە نەبێت کە شوێنکی تایبەتمان نییە بۆ ئامادەکاری و بەردەوامبوونمان لەم وەرزشە.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێکی ئەسپسواری چییە؟**

- تاکە هیوای من دروستکردنی گۆڕەپانێکی وەرزشییە بۆ ئەوەی هەم راهێنان ئەنجام بدەین، هەم یاریشی تێدا بکەین.


*** وەکو وەرزشکارێك بەرنامەی داهاتووت چییە؟**

- دامەزراندنی سەنتەرێك لەلایەن خۆمانەوە بۆ ئەوەی بتوانین لە کوردستان زیاتر پەرە بە یاری ئەسپسواری بدەین.

*** لە کۆتاییدا دەتەوێ باسی چی بکەیت؟**

- بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم جۆرە وەرزشە داوا لە سەرمایەدارانی شاری سلێمانی و ناوچەکانی دیکە دەکەم کە گۆڕەپان بۆ سوارچاکان دروست بکەن، زۆر سوپاسیش بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام خزمەتی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکات.





## ناوبژیوانی یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا دەستنیشانکرا

یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا (خیسۆس گیل مانزانۆ)ی بۆ بەڕێوەبردنی یاریی کۆتایی جامی شای ئیسپانیا دەستنیشانکرد.

لیژنەی ناوبژیوانان لە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بڵاویکردووە ئەرکی بەڕێوەبردنی یاریی کۆتایی جامی شای ئیسپانیا لە نێوان هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ئیشبیلیە بەخشیە (خیسۆس گیل مانزانۆ).

مانزانۆ پێشتر ١٢ یاری یانەی بەرشلۆنەی بەڕێوەبردوە، یانە کەتەلۆنییەکە لە ٧ یاری سەرکەوتنی تۆمارکردوە و لە ٢ یاریدا یەکسانبووە و٣ یاریشی دۆڕاندوە.

لە بەرانبەردا ٨ یاری یانەی ئیشبیلیەی بەڕێوەبردوە، تێیدا لە ٥ یاریدا سەرکەوتنی تۆمارکردوە و ٣ یاریەکەی دیکەشی دۆڕاندوە.

بڕیارە ڕۆژی ٢١ی ئەم مانگە لەسەر یاریگای (واندا میترۆ پۆلیتانۆ) هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ئیشبیلیە لە یاریی کۆتایی جامی شای ئیسپانیادا ڕوبەڕوی یەکترببنەوە.



## تۆریس کاتی وازهێنانی ڕاگەیاند

فێرناندۆ تۆرێسی ئیسپانی ڕایگەیاند وەرزی ئەمساڵ دواین وەرزی یاریکردنیەتی لەگەڵ یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید.

تۆرێسی تەمەن ٣٤ ساڵ لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرایکرد وەرزی ئەمساڵ دواین وەرزی یاریکردنیەتی لەگەڵ یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید و هیواشی خواستوە نازناوی لالیگایان لەگەڵدا دەستەبەربکات.

گوتیشی: بڕیارەکەی ئاسان نەبووە، بەڵام دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر ئەو بڕوایەی لەلا دروست بووە.

تۆرێس لە کۆتایی لێدوانەکەیدا گوتی: بەجێهێشتنی ئەتلەتیکۆ مەدرید واتای وازهێنانی یەکجاری لە یاریی تۆپی پێ ناگەیەنێت و وەرزی داهاتوو درێسی یانەیەکی دیکە دەپۆشێت.

یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدیش لە بەیانێکی فەرمیدا بڵاویانکردوە لە کۆتا یاریی وەرزی ئەمساڵیاندا ئاهەنگی ماڵئاوایی کردن بۆ تۆرێس ڕێکدەخەن.



## ژاپۆن ڕاهێنەرەکەی دوورخستەوە

یەکێتی تۆپی پێی ژاپۆن پۆستی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی لە (وەحید خەلیلۆدزیچ)ی بۆسنی سەندەوە.

یەکێتی تۆپی پێی ژاپۆن لەبەیانێکدا بڵاویکردووە، پۆستی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەکەیان لە ڕاهێنەرە بۆسنییەکە وەرگرتووە، لەجێگەی ئەو (ئەکیرا نیشیۆ)یان دەستنیشانکردووە.

دورخستنەوەی خەلیلۆدزیچ لە کاتێکدایە، دوو مانگی دیکە یارییەکانی جامی جیهانی دەستپێدەکات و هەڵبژاردەی ژاپۆنیش یەکێکە لەهەڵبژاردە بەشدارەکانی مۆندیالەکە.

خەلیلۆدزیچ لە ئاداری ٢٠١٥دا، پۆستی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ژاپۆنی وەرگرتوو، سەرکەوتووبوو لەگەیاندنی ئەو هەڵبژاردەیە بەمۆندیالی ڕوسیا.

# تێنسزانی هۆڵەندی بووە پاڵەوانی چارلستۆنی ئەمەریکی

لە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتی چارلستۆنی ئەمەریکا بۆ یارییەی تێنسی سەرزەی لەسەر ئاستی کچان، کیکی بریتێنسی هۆڵندی ڕووبەڕووی جۆلیا جۆرجیسی ئەڵمانی بووەوە.

لەو یارییەدا کچە تێنسزانە هۆڵەندییەکە، یارییەکەی بەئاسانی لە کچە ئەڵمانییەکە بردەوەو نازناوەکەی بەرزکردەوە.

کیکی کە لە پلەی ١٢ی ریزبەندی کچە تێنسزانانی جیهاندایە، بەئەنجامی دوو کۆمەڵەی بێبەرانبەر یارییەکەی بردەوە، کە ئەنجامی کۆمەڵەکانیش بریتیبوون لە ٢-٦ و ١-٦.

کیکی بریتێنس تەنها ٥٨ خولەکی بەس بوو بۆ ئەوەی بردنەوە بەسەر جۆلیای خاوەنی پلەی هەشتەمی ریزبەندی کچە تێنسزانەکانی جیهان بباتەوە.





# دانا عوسمان دەیەوێت لەگەڵ هەولێر مێژوو تۆماربکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر هەموو ساڵێك ژمارەیەك لە یاریزانانی لاو سەردەخات بۆ تیپەكانی یەكەمی یانەكەی و لە خولەكانی عێراق و كوردستان یارییان پێ دەكات.

دانا عوسمان ئەمساڵ لە هێلی هێرشبەری یانەی هەولێر یاری دەكات لە خولی نایابی كوردستان و ئاستێكی باشی هەیە لە یارییەكان و لەوەرزەی خولی نایابیش تەنیا چەند یارییەك بەشدار بووە و بەهۆی پێكانەوە نەیتوانیوە بەشدار بێت و دوو گۆڵیشی بۆ تیپەكە تۆماركردووە. دانا عوسمان لەبارەی یاریكردنی لەگەڵ یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «یاریكردن لە ریزی یانەی هەولێر تامێكی یەكجار خۆشی هەیە، چونكە یانەی هەولێر گەورەیە و منیش قۆناخی زۆرم لەگەڵ ئەو تیپە بڕیوە لە یاریكردن، ئەمساڵیش خولی نایابی كوردستان بەهێزە و منیش وەكو هێرشبەری یانەكە بەردەوام هەوڵی ئەوەم داوە كە تەنیا تیپەكەم سەربكەوێت و سێ خاڵ لە یارییەكان بەدەست بهێنین، نەك تەنیا هەوڵ بۆ خۆم بدەم كە گۆڵ تۆماربكەم، یاریكردن لە ریزی یانەیەكی وا گەورە ئومێدبەخشە بۆ من، چونكە من خەونی گەورەترم هەیە لەگەڵ یانەی وەرزشیی هەولێر هەتا لە خولی عێراقی بتوانم ئاستی باشتریش پێشكەش بكەم و تیپەكە سەربخەینەوە بۆ خولی نایابی یانەكانی عێراقی.» گوتیشی: «هەرچەندە ئەم وەرزە تاكو ئێستا دوو گۆڵم هەیە، بەڵام ئامانجم هەیە گۆڵی زیاتریش تۆماربكەم و خۆم بگەیەنمە سەرووی ریزبەندی گۆڵكارانی خولەكە، لە یانەی هەولێریش هیچ كێشەو گرفتێكم نییە و زۆریش ئاسودەم لەم یانە گەورەیە و راهێنەر و یاریدەدەری راهێنەریش متمانەیەكی زۆریان بە من هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی باشتر ئامادەم بكەن، منیش هەموو هەوڵێك دەدەم تا خزمەتی یانەی وەرزشیی هەولێر و شاری هەولێر بكەم.» لەبارەی بیركردنەوەی چوونی بۆ یانەیەكی تر گوتی: «هیچ كات بیرم لەوە نەكردۆتەوە یانەی هەولێر جێ بهێڵم، چونكە یانەیەكی گەورەیە و خاوەن جەماوەرە و منیش زۆر دەمێكە لەگەڵ ئەو یانەیە یاریم كردووە بتوانم خزمەتیان بكەم و ئەنجامی گەورەیان لەگەڵ بەدەست بهێنم، چونكە یانەی هەولێر ناوێكی گەورەیە لە ئاسمانی وەرزشی كوردستان و عێراق و یاریكردن لەو یانەیە گەورەترین شەرەفە بۆ ئێمەی یاریزانان.

# پێكانی یاریزانان كاریگەری لەسەر ئەنجامەكانی پێشمەرگە كردووە

جیاواز لە وەرزەكانی رابردوو تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی هەولێری پاڵەوانی وەرزی رابردووی خولی نایابی یانەكانی كوردستان ئەمساڵ ئاست و ئەنجامی وەكو وەرزی رابردوو نییە، تیپەكە لە كۆی ئەنجامدانی ١٠ یاری لەم وەرزە تەنیا خاوەنی ١٢ خاڵە و لە پلەی شەشەمی ریزبەندی یانەكان دێت، راهێنەری یانەكەش هۆكاری ئەنجامەكانیان بۆ زۆریی پێكانی یاریزانان دەگەڕێنێتەوە، لە بارەی پێویست نەبوونی ئەنجامی تیپەكەش لەم وەرزە سەمیر سەدیق (ناسراو بە سەمیر بابۆ) راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یارییەكانی خولی نایابی كوردستان ئەمساڵ بەهێزە، وادەی دەستپێكردنی خولەكەش دیار نەبوو، بۆیە ئێمەش بەردەوام لە ئامادە كاریدا بووین و بەردەوام مەشقمان كردووە، وادەی ئامادەكردنمان بۆ ماوەی پێنج مانگ و نیو بووە، جگە لەوەش لە دەستپێكی خولەكە تا ئێستا بەردەوام ژمارەیەكی زۆری یاریزانانمان دوچاری پێكان بوون، شوێنی ئەوانیشمان پڕ نەكردۆتەوە، ئەوەش گرفتێكی سەرەكییە، چونكە زۆربەی یاریزانان لە هێڵی بەرگرین و بڕبڕەی پشتی یانەكەن، یاریزانانیش هەندێك هەڵەی زەقیان كردووە لە كاتە هەستیارەكان، بەڵام خولی كوردستان كاتی ماوە بۆ ئەوەی ئێمە وەكو دەستەی راهێنەران بتوانین كارێك بكەین كە تیپەكە هەستێنییەوە، ئەگەر پێكانی یاریزانەكانمان چاك ببێتەوە، بێگومان ئاستمان زۆر باش دەبێت و دەتوانین ئەنجامەكانمان باشتر بكەین.» لەبارەی گرفتی تیپەكەش گوتی: «گرفتی ئێمە لە بوونی پێكانی بەردەوامی یاریزانەكانمانە، نەك گرفتی تر، بە هەموو لایەك هەوڵدەدەین پلانێكی تازە دابنێین بۆ ئەوەی تیپەكە بگەڕێنینەوە قۆناخێكی تر و بە هەر جۆرێك بێت تیپەكە هەڵبستێنینەوە.




# دەربەندیخان چاوی لە خولی نایابی كوردستانە

تیپی تۆپی پێی یانەی دەربەندیخان كە خاوەنی پلەی دووەمی كۆمەڵەكەیە لە خولی یانە پلە یەكەكانی كوردستانە، لە ئێستادا كارگێڕان و دەستەی راهێنەران و هاندەرانی تیپەكە بە هیوای ئەوەن ئەمساڵ تیپەكە بگەیەننە خولی پلە نایابەكانی كوردستان.

دەربەندیخان ئەمساڵ لە زۆربەی یارییەكانی یاریگای خۆی ژمارەیەكی یەكجار زۆری هاندەرانی بە پیر و گەنج و لاو و ئافرەتانەوە ئامادەی پاڵپشتیكردن بوون لە تیپەكە و تیپەكەش جیاواز لە ساڵانی رابردوو دەیانەوێ ئەمساڵ بە هەر نرخێك بێت خۆیان بگەیەننە خولە گەورەكەی كوردستان، هۆگرعەزیز راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی دەربەندیخانیش لە بارەی سەرخستنی تیپەكە بۆ خولی نایاب، تایبەت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێستا تەنیا چەند یارییەك ماوە بۆ تەواوبوونی یارییەكانی ئەم وەرزە، ئێمەش ئومێدی زۆرمان هەیە كە تیپەكە بگەیەنینە چوارگۆشەی زێڕینی خولی پلە یەكی كوردستان و لەوێشەوە هەنگاو بنێین بۆ یارییەكانی خولی نایابی یانەكانی كوردستان.» لەبارەی گرفتی تیپەكەش گوتی: «هەموو تیپەكان گرفتیان هەیە، بەڵام خەڵكی شارەكە هاوكاریمان دەكات، ئەگەرنا بارودۆخمان خراپ دەبێ بۆ مووچەی یاریزانانی تیپەكەمان، بۆ دوو مانگی ئەمساڵ لە نووسینگە و دووكان و كاسبكارانی شار پارەمان كۆكردۆتەوە بە قەرز بۆ ئەوەی مووچەكانیان دابین بكەین.» گوتیشی: «بەرپرسانی شارەكە بەڵێنی هاوكاریمان پێ دەدەن، بەڵام تاكو ئێستا هاوكاری نەكراوین و تەنیا قسە بووە، سەرجەم یاریزانەكانیشمان تەنیا بە مووچە لای ئێمە یاری دەكەن، ئەگەرنا هیچ گرێبەستێك نییە لە تیپی دەربەندیخان، بۆ گەیشتن بە خولی نایابی كوردستان و بەشداری لەم خولەش دەبێ ژێرخانی باشمان هەبێت و پارەی پێویستمان هەبێت، نەك سەركەوین و دواتر نەتوانین بەشداری خولی پلە نایاب بكەین، ئەمساڵیش تا ئێستا ئاستمان باشە و سوپاسی ئەو هەموو هاندەرەش دەكەین كە پشتگیرییەكی باشمان دەكەن لە نێو یاریگا، ئێستاش تیپەكان كێبڕكێی بەهێز دەكەن بۆ گەیشتن بە خولە گەورەكەی كوردستان.





**لەنجە خالید**

**یاریزانی تۆپی باڵەی ناوەندی وەرزش و لاوانی بنەسڵاوە:**

# خەونی گەورە و جێی شانازیمە بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەم یاری بکەم

**قەزای دەشتی هەولێر خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانایە لە یاریی تۆپی باڵە و یەکێک لەم یاریزانانەش کە خاوەن ئاستێکی بەرزە، لەنجە خالید–ی لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٧ی شاری هەولێر و قوتابی قۆناخی ئامادییە و چەندین ئەنجامی باشی لەگەڵ تیپەکەی بەدەستهێناوە، لە ئێستاشدا هەوڵدەدات ئاستی خۆی زیاتر پێش بخات و بگاتە یانەیەکی گەورە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئاستی یاریی تۆپی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستی یاریی باڵە تا ئێستا زۆر باش نەبووە و پەرەی پێنەدراوە، بەڵام خەریکە بارودۆخەکەی یاریی باڵە باشتر دەبێت و لە ناوخۆدا زیاتر ئاستی بەرز دەبێتەوە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- بێگومان کەمیی ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی هۆکارێکە تا یاریی باڵە بەتایبەتی باڵەی کچان بەرەو پێش نەچێت.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی باڵەی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

- پێویستە کەمپی مەشق و راهێنان زیاتر بکرێتەوە و وەرزش وەکو پیشە سەیر بکرێت، هەروەها دابینکردنی راهێنەری باش و پێداویستی بۆ یاریزانەکان و مەشقی زۆر.

*** زیاتر گرفتی یاریی باڵە لە چیدا دەبینی؟**

- نەبوونی هیچ بودجەیەك و کەمیی پێداویستی وەرزشی و نەکردنەوەی خولی وەرزشی، ئەوانە هەموویان گرفتن بۆ ئەم یارییە.

*** لە هیچ یانەیەك داوا نەکراوی؟**

- تا ئێستا نەخێر.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

- بەردەوامیم لە یاریی باڵە و هیوادارم ببم بە یاریزانێکی سەرکەوتوو و زیاتر گرنگی بەتواناکانی خۆم بدەم.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیم کە پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستین، لەبەر ئەوەی راهێنەر و یاریزانەکانی خۆمان هیچیان لە یاریزان و راهێنەرە بیانییەکان کەمتر نییە و خۆمان دەتوانین هەموو شتێك بکەین.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- دابینکردنی پێداویستی یاریی باڵە بۆ یاریزانەکان وەکو جلوبەرگ و یاریگای باش و کردنەوەی خولی زیاتر لە شارەکانی کوردستان.

*** وەکو یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی من ئەوەیە کە بەردەوام بم و بگەم بەو ئاست و نازناوانەی کە خۆم هەوڵیان بۆ دەدەم.

*** بەهیوای ئەوە نیت لە داهاتوو یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەی؟**

- ئەوە خەونی هەموو یاریزانێکە و بۆ منیش خەونی گەورە و جێی شانازیمە کە بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەم یاری بکەم.

*** بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- کریستین، یاریزانی کەنەدی.

*** لە کۆتاییدا دەتەوێ باسی چی بکەیت؟**

-هیوادارم حکومەت زیاتر ئاوڕێك لەم یارییە بداتەوە، بەتایبەتی یاریی تۆپی پێ و باڵەی کچان تا زیاتر بەرەوپێش بچێت، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانیش بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی لە سەرجەم شارەکانی کوردستان ئەنجامی دەدات، جێگاتان لە نێو بواری رۆژنامەگەریی کوردی دیارە، سوپاس بۆ راهێنەرەکەم مامۆستا بێستون موحسین.

